لە ئەنجامی ئاوگۆی لە سنوری نێوان ئەفغانستان و پاکستان پێنج کەس کوژران

لە ئەنجامی ئاوگۆی تەقە ئەمڕۆ هەینی، لە سنوری نێوان ئەفغانستان و پاکستان پێنج کەس کوژران و و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بون، هەردو وڵاتیش یەکتر بە پشتڵکردنی بەردەوامی ئاگربەستەکان تۆمەتباردەکەن.

دەسەڵاتدارانی ئەفغانستان ڵایانگەیاندوە، "ئەو پێنج قوربانییە چوار ژن و پیاوێکن و شەش کەسی دیکەش لە ڕوداوەکەدا بریندار بون"، ئەوەش پشتڕاستکردەوە کە "هێزەکانی پاکستان جارێکی دیکە تەقەیان لە ناوچەی سنوری سپین بۆداك کردوە".

لای خۆیەوە پاکستان، ئەفغانستانی بە بەرپرسیار زانی لە تەقەکردن لەسەر سنوری نێوان هەردو وڵات و جەختیکردەوە کە بە شێوەیەکی پێوانەکراو وەڵامی داوەتەوە.

ئەفغانستان و پاکستان دوێنێ پێنجشەممە ڵایانگەیاند، دەگەڕێنەوە سەر مێژی دانوستان لە ئیستانبوڵ بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی ئاشتی، ئەمەش دوای ئەوەی خولێکی پێشو بەبێ گەیشتن بە ئاگربەستێکی هەمیشەیی کۆتایی هات.

ئەم بانگەوازە لە دوای پێکدادانێکی توندوتیژی نێوان سوپای دو وڵات دێت لە مانگی ڵابردودا،

کە لە دوای گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ دەسەڵات لە کابول لە ساڵی 2021دا، لە کوشندەترین توندوتیژیدا دەیان کەس کوژراون.

هەردولا لە 19ی (تشرینی یەکەم/10) ڕێککەوتنی ئاگربەستیان لە دەوحە واژۆ کردبو، بەڵام خولی دوەمی دانوستانەکانی هەفتەی ڕابردو لە ئیستانبوڵا نەیتوانی ڕێککەوتنێکی درێژخایەن بەرهەم بهێنێت بەهۆی ناکۆکی لەسەر گروپە چەکدارەکانی دژە پاکستان کە لە ناوخۆی ئەفغانستانەوە چالاکی دەکەن.